


# ئەمیر قادر نموونەی هەڵسوڕاوی دڵسۆزی ناوەندی چاك و دادگایی فرانس ڤان ئەنرات و وەفادارییەک بۆ مێژوو ... كوردستان نێت

هەفتەی داهاتوو دیسان چاوی كامیراكان دەچنەوە سەر كورد قڕان، لەگەڵ دەستپێكی خولی كۆتایی دادگای فرانس ڤان ئەنرات (عەلی كیمیاوی هۆڵەند). دیسان بۆنی كیمیاوی و وێنەی قوربانیانی هەڵەبجەو سەردەشت ڕوپەڕی ڕۆژنامەكان داگیر دەكەن، دیسان بە بیری جیهانی دێننەوە كورد بە كۆمەڵ لەناو براوە، ئەمڕۆ نەوەی قوربانیان داوای تۆڵەی كەس و كاریان دەكەن، بۆ یەكەمجارە لە مێژوودا كورد تاوانبارێك دێنێتە بەردەم دادگا.

لەو ساتەوەی پرسی دادگایی فرانس ڤان ئەنرات دەستی پێكردووە، ساڵ و نیو زیاترە، ماندوترین كەس كە بەو پرسەوە خەریك بوبێت ئەمیر قادر بووە، لە هەموو ئەو ماوە دورودرێژەدا، دوای كاری ڕۆژانەی 40 كاتژمێر لە هەفتەدا، باقی شەو خەریكە ڕێك خستنی دۆزی فرانس ڤان ئەنرات بووە، لە ڕێكخستنی دۆسیە و پەیوەندیكردن بە شایەدحاڵەكانەوە بۆ وەرگێڕان و پەیوەندیكردن بە پارێزەر و وزارەت و پارتی سۆسیالست و......

لەم ماوەنەی دوایدا، ئامۆزایەكی خۆی و خێزانەكەی گیانی لە دەست دا بە ڕوداوی ئۆتۆمۆبێل، بەڵام فریای پرسە دانان نەكەوت، لەبەر ئەو هەموو دۆكۆمێنت و فلیمە كە بۆی ڕەوان كرابوو، تەنها بەرێزێك 5 فلیمم دابوو پێی بۆ وەرگێڕان، كە خۆی هەندێكی نەبینی بوو بە چاو، وەلێ ئەو هەمووی كرد بە هۆڵەندی.
لەم ڕۆژانە تەلەفۆنییان بۆی كرد نەگەڕابووەوە بۆ ماڵ، لە وەڵامدا وتبووی: كاری زیاتر دەكەم بەڵكە بۆ دادگاییەكە 3 ڕۆژ ئامادە بم.

تەنها بەوەوە نەوەستا وەرگێڕان و تەلەفۆن و کرێی هاتوچۆ و فاکس و پۆستی دۆزەکە هەمووی لەسەرخۆی بووە لەم ماوەیەدا، جار جارە بڕە کۆمەێکیش دەخاتە سەر ژمارەی بانکی دادگاییەکە.

جێی خۆیەتی ئێستا هەموو ئەوانەی کەس و کاریان قوربانی دەست ڕژێم بووە، سوپاسی بێ پایانی ئەم دڵسۆزە ئازیزەمان بکەین، مێژووش مافی خۆی بداتێ، لە داهاتووش دا شانازی بە شوێن دەستییەوە بکەین. تەنها ئەوەندە ماوە بڵێین نموونەی دیکە لە ئەمیر قادرەکانمان زۆر بێت.

بۆیە دڵمان بە دوارۆژێکی ڕوناك خۆشە، کە دەیان سەربازی ونی وەك كاك ئەمیر بە بێ بەرامبەر، خۆبەخشانە لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ ناساندنی دۆزی ڕەوای گەلەکەیان و ڕسواکردنی تاوانباران.